ژمارە : ٧٧٠١

ڕێکەوت ١٩/گوڵان/٢٧١٦ کوردی

DATE: ٢٠١٦/٥/٨

کۆمیسیۆنی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ

## بەیانی ژمارە (١٠) ساڵی ٢٠١٦

## ﴿ هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٦ ﴾

پاڵپشت بەو دەسەڵاتانەی هەمانە لە یاسایی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە: هەڵوەشاندنەوەی بەیانی ژمارە (٤) ساڵی ٢٠١٦ کە تایبەتە بە هەموارکردنی ماددەی پانزەیەم لە ڕێنمایی ژمارە (٥) ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە پێدانی ڤیزەی ئەلکترونی و نشینگە و دارشتنەوەی ئەم مادده یە بەم شێوەی خوارەوە :

**ماددەی پانزەیەم-**

**یەکەم/** بەدواداچوونی ڕێکارەکانی وەرگرتنی (ڤیزە، کارتی هەواڵی گەیشتن ، کارتی نشینگە یان هەر ڕێکاریکی تر) تایبەت بە کەسی بیانی لەو بوارانەدا تەنها لە ڕێگای ئەم کەسانەی خوارەوە دەبێت :

١. پارێزەری خاوەن بریکارنامە لە کەسی بیانی یان کومپانیا یان لایەنی داواکار کە دەبێت لە سەندیکای پارێزەرانی کوردستان تومار کرابێت وناسنامەی پارێزەرایەتی بە سە ر نەچووبێت .
٢. نوێنەری کومپانیاکان کە داوای ڤیزە یان بەدواداچوونی کاروباری نشینگە دەکەن بۆ کەسی بیانی بۆ کاروباری تایبەت بە کومپانیای داواکار.
٣. نوێنەری کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە.

**دووەم/** هەر کومپانیایەك پێویستی بە بەدواداچوونی کاروباری ڤیزە و نشینگەی کارمەندانی بیانی خوی هەبێت لە ڕێگای نوێنەر یان پارێزەر دەبێت بەڕێوەبەری ڕێپێدراو داواکارییەك ئاراستەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی نشینگە بکات کە دەیەوێت کاری نوێنەرایەتی لێ ئەنجام بدات.

**سێ یەم /** دەبێت نوێنەری کومپانیا ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا بێت:

١. تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر نەبێت.
٢. ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.
٣. دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی زانیاری ئەو پارێزگایەی هەبێت کە وەك نوێنەر تێیدا تۆمار دەکرێت.
٤. هەڵگری بروانامەی سەرەتایی بەرەو سەرەوە بێت.
٥. ئەفسەر یان کارمەندی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ یان پێشمەرگە یان ئاسایش یان فەرمانبەر نەبێت لە سەر میلاکی هەمیشەیی یان کاتی (گرێبەست) لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڵێن نامە لە دادنووس پڕ بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستە.
٦. سزا نەدرا بێت بە هیچ تاوانێکی کەتن یان تاوان (جنحه أو جنايه) بە هێنانی پشتگیری بەڵگەکانی تاوان.

٧. خاوەن رەوشت و هەڵسوکەوتێکی باش بێت بە پشتگیری نەهێشتنی تاوان و هیچ تێبینی ئەمنی لەسەر نەبێت بە پشتگیری ئاسایش.
٨. کومپانیاکەی کە نوێنەرایەتی دەکات تومارکرا بێت لە هەرێمی کوردستان و قەرزداری باج نەبێت بەپشتگیری لایەنی پەیوەندی دار.
٩. دەبێت نوێنەر بریکار نامەی نوێنەرایەتی هەبێت لە بەرێوبەری رێپێدراوی کومپانیاکە و لەدادنووس پەسەندکرا بێت و ساڵانە نویٚ بکرێتەوە .
١٠. بەڵێن بدات کە پابەند بێت بە گشت یاسا و رێنماییەکانی تایبەت بە ڤیزە و نشینگە و هەر رێنماییەك دواتر دەربچێت.
١١. فورمی تایبەت بە نوێنەر پڕ بکاتەوە کە لەلایەن وەزارەت رێك دەخرێت.
١٢. گشت بەراییەکان رەوانەی وەزارەتی ناوخۆ/ بەرێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەرێوەبەرایەتی کومپانیا ئەمنیەکان و رێگەپێدان دەکرێت بە مەبەستی دەرکردنی فەرمانی وەزاری و پێدانی کارتی نوێنەر.

**چوارەم /**

١. ئەو کومپانیانەی کەمتر لە ١٠ کەسی بیانی نشینگەی هەبێت لە سەر ئەو کومپانیایە تەنها لە رێگای پارێزەری خاوەن بریکارنامە یان کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نیشینگە بویان هەیە بەدواداچوونی کاروباری کەسی بیانی بکەن کە لە کومپانیاکەیان کار دەکەن.
٢. ئەو کومپانیانەی کە (١٠- ٥٠) کرێکاری بیانی هەبێت دەبێت بڕی ( 5.000$ ) پێنج هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٣. ئەو کومپانیانەی کە (٥٠-٢٠٠) کرێکاری بیانی هەبێت دەبێت بڕی (8.000$) هەشت هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٤. ئەو کومپانیانەی لە (٢٠١-٤٠٠) کرێکاری بیانی هەبێت دەبێت بڕی (10.000$) دە هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٥. ئەو کومپانیانەی لە (٤٠١-٦٠٠) کرێکاری بیانی هەیە دەبێت بڕی (16.000$) شازدە هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٦. ئەو کومپانیانەی لە (٦٠١-٨٠٠) کرێکاری بیانی هەبێت دەبێت بڕی (20.000$) بیست هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٧. ئەو کومپانیانەی لە (٨٠١-١٠٠٠) کرێکاری بیانی هەیە دەبێت بڕی (24.000$) بیست و چوار هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٨. ئەو کومپانیانەی لە (١٠٠١-٢٠٠٠) کرێکاری بیانی هەبێت دەبێت بڕی (28.000$) بیست و هەشت هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
٩. ئەو کومپانیانەی لە (٢٠٠١) کرێکاری بیانی بەسەرەوە هەبێت دەبێت بڕی (30.000$) سی هەزار دولار وەك تأمینات لە حسابی وەزارەتی ناوخۆ دابنێت.
١٠. لێژنەیەك لە هەر بەرێوەبەرایەتیەکی نشینگە پێك دەهێنرێت کە لە سیٚ ئەفسەر پێك دێت بە مەبەستی دڵنیابوون لە ژمارەی کرێکارانی بیانی کە لە برگەی چوارەم ئاماژەی پیٚ دراوە و دەبێت سەرەدانی کومپانیا بکەن وە کونوسی

تایبەت بە دروستی ژمارەی کرێکاری بیانی ڕێك بخەن پاش بەراوردکردنی ناوەکان لەگەڵ زانیاری کرێکار کە لە بەڕێوەبەرایەتی نشینگە تۆمارکراوە.

**پێنجەم /**

1. ئەو کومپانیایەی پێویستی بەدانانی نوێنەر هەیە نابێت لە دوو نوینەر زیاتر دابنێت لە هەر پارێزگایەك بە مەرجێك بیسەلمێنێت کە پرۆژەی لەو پارێزگایە هەیە .
2. باجێکی تایبەت بە نوێنەری کومپانیاکان لە لایەن وەزارەت ڕێك دەخرێت بەرامبەر بڕێك رسومات بە پێی بریاری ژمارە (٧٧)ی ئەنجوومەنی وەزیران لە ٢٠١٦/٢/٣ کە لە ژمارە (١٩٦) ڕۆژنامەی وقائعی کوردستان لە ٢٠١٦/٣/١ بلاّوکراوەتەوە وەردەگیرێت و ساڵانە نوێ دەکرێتەوە وە هیچ نوێنەرێك ڕێگای پێ نادرێت کار بکات ئەگەر باجی کارکردنی لە لایەن وەزارەت بۆ ڕێك نەخرابێت .

**شەشەم/** هەر کومپانیایەك نوێنەر یان پارێزەر دەست نیشان بکات بەمەبەستی بەدواداچوونی کاروباری ڤیزە و نیشینگە ساڵانە بۆ هەر نوێنەرێك یان پارێزەرێك بڕی (٣٠٠,٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار رسوماتی نوێ کردنەوەی لێ وەردەگیرێت و دەخرێتەوە سەر حسابی وەزارەتی ناوخۆ وە بەکار دێت بۆ پەرەپێدانی ڤیزە و نشینگە.

**حەوتەم/** پارێزە ری خاوەن بریکارنامە لە کەسی بیانی یان کومپانیا یان لایەنی داواکار یان ئەوانەی وەك نوێنەری کومپانیا خۆیان تومارگردووە بەدەرن لە برگەی سێیەم خاڵەکانی (١ تا ٧) و برگەی چوارەم خاڵەکانی (٢ تا ٩)ی ئه م مادەیە .

**هەشتەم/** کومپانیاکانی بەدواداچوونی کاروباری نشینگە بەدەرن لە ڕێکارەکانی برگەی (چوارەم خاڵەکانی ٢ تا ٩) ئەم مادەیە.

**نۆیەم/** هەر کەسێك لەوانەی لە برگەی (یەکەم ) ئاماژەیان پێدراوە پێچەوانەی یاسا و ڕێنماییەکانی ڤیزە و نشینگە کار بکەن دەخرێنە لیستی رەش بە پێی ڕێکارەکانی ماددەی سیانزەیەمی ئەم ڕێنماییە.

**دەیەم /** ئەم بەیانە لە دوای (٣٠) رۆژ لە دەرچوونی کاری پێ دەکرێت.

**کـریم سنجاری**

**وەزیـری نـاوخـۆ**

**وێـــنەیەك بـــۆ :-**

- نوسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بوزانین ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی رەگەزنامەی هەرێمی کوردستان / بۆ زانین و ئەنجامدانی کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- نوسینگەی بەرێز بەرێوەبەری گشتی دیوان/ بوزانین ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتی ڤیزە لە دیوانی وەزارەت/ بۆزانین و کاری پێویست ، لەگەڵ ڕێزگرتن.
- بەرێوبەرایەتیە کانی نیشینگەی (هەولێر ،سلێمانی ،دهوك) بۆزانین و کاری پێویست.
- خولاو.